ئەگەرەکانی تر..



مەریوان وریا قانع دەینوسێت

# سیاسەتو جەستەی ئافرەت

سەدەی بیستەم لەزۆر رووەوە سەدەی بەسیاسەتکردنی جەستەی ئافرەتە. وێناکردنی ئەم جەستەیە بەشێکی دانەبڕاوە لە وێناکردنی کۆمەڵگاو نەتەوەو کولتوورو کەلەپوور.

لەنێوان چۆنیەتی تەماشاکردنی جەستەی ئافرەتو لە نێوان جۆری ئایدیۆلۆژیاو بەرنامەی هێزە سیاسییەکاندا پەیوەندییەکی راستەوخۆ هەیە. ئەو ئایدیۆلۆژیا سیاسییانەی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە ئامادەن، لە ئایدیۆلۆژیا عەلمانییەکانەوە بۆ ئایدیۆلۆژیا دینییەکان، هەڵگری وێنەی تایبەتی جەستەی ئافرەتو رۆڵی تایبەتی ئەم جەستەیەن لە کۆمەڵگادا. وەك چۆن مارکسییەکانو سۆسیالیستەکانو لیبراڵەکانو ناسیۆنالیستەکان هەڵگری وێنەی تایبەتن بۆ ئافرەتان، ئاواش هێزە دینیەکان، لە خەیاڵی حەسەن بەناوە بۆ خەیاڵی ئوسامە بن لادنو لەدیدی مەلا عومەری تاڵیبانەوە بۆ دیدی کاك سەلاحەدین بەهادین، خاوەنی وێنەیەکی تایبەتن بۆ ئافرەت.

جەستەی ئافرەت چ لەبەردەم پرۆژە عەلمانییەکانو چ لە بەردەم پرۆژەی هێزەکانی ئیسلامی سیاسیدا ماددەیەکە کاری لەسەر کراوەو کاری لەسەر دەکرێت، دادەڕێژرێتو مانای لێهەڵدەهێنجرێت، چەپڵەی بۆ لێ ئەدرێتو گوناهبار دەکرێت. بەجۆرێك ناکرێت بیر لە هیچ پرۆژەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو دینیو کولتووری بکەینەوە بەبێ بیرکردنەوە لەو وێنانەی ئەم پرۆژانە بۆ جەستەی ئافرەتی دەکێشن، زۆر جار لەدەرەوەی ویستی ئافرەتان خۆیاندا.

پرۆژەی تازەبوونەوەی کۆمەڵگای ئێمە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کە بە زۆر مانا پرۆژەیەکی عەلمانی تایبەتە، بە بانگەشەکردنی ئافرەتان بۆ دەرچوون لەماڵو بەشداریکردن لە ژیانی گشتیدا دەست پێدەکات.

هاوشان بەم داواکارییە، منەوەرو خوێندەوارو رۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمە داوای فڕێدانی پەچەو عەباو سەرپۆش دەکەنو دەرکەوتنی نوێی جەستەی ئافرەت وەك تەعبیر لەتوانای تازەبوونەوەی کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیو کولتووری دەبینن و لە هەمان کاتدا وەك یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم تازەبوونەوەیەش مامەڵەی دەکەن. ئەم نەوەیە لە رۆشنبیرانو خوێندەوارانی کورد پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان وێنەی نوێی ئافرەتو وێنەی لەدایکبوونی کۆمەڵگایەکی تازەدا دروست دەکەن. تازەکردنەوەی کۆمەڵگا بەتازەکردنەوەی رۆڵو دەرکەوتو وێنەکانی ئافرەتەوە لە مەجالی گشتیدا دەبەستنەوە. بۆیە فڕێدانی پەچەو عەبا وەك هەڵبژاردنو بڕیاری تایبەتو تاکە کەسی ئافرەتان مامەڵە ناکەن، بەڵکو وەك دەرکەوتی ئیرادەی تازەبوونەوەی کۆمەڵایەتی دەبینین. لەم دیدە عەلمانییە نوێیەدا هاوکێشەکە بەم شێوەیەیە تازەبوونەوەی وێنەی ئافرەت یەکسانە بەتازەبوونەوەی کۆمەڵگا، مانەوەی وێنەی ئافرەت لە فۆرمە دینییە تەقلیدییەکەیدا یەکسانە بەمانەوەو باڵادەستی کۆمەڵگای تەقلیدی. بۆیە شەڕ لەسەر پێناسەکردنەوەی جەستەی ئافرەت دەبێتە شەڕ لەسەر چۆنیەتی داڕشتنەوەی کۆمەڵایەتی شەڕ، لەسەر ئەوەی چ فۆرمێك بەژیانی کۆمەڵایەتیو کولتووریی بدرێتو ئەخلاقیاتی گشتی چ ناوەرۆکێك وەربگرێت.

رەنگە تازەبوونەوەی کۆمەڵگا لە هیچ شوێنێکی جیهاندا ئەوەندەی تورکیای سەردەمی ئەتاتورکو ئێرانی سەردەمی رەزا شا لە سەرەتای سەدەکەدا بەوێنەو دەرکەوتی تازەی ئافرەتانەوە نەبەسترابێتەوە. ئەتاتورکو رەزا شا یاساغیانکرد ئافرەت پەچە بپۆشێو بە زۆر رەنگو روخسارێکی نوێیان بەسەردا سەپاند. لەدیدی ئەواندا وێنەی ئافرەتی تازە هێما بوو بۆ وێنەی کۆمەڵگایەکی تازە. بە کورتی هەموو بزوتنەوە عەلمانییەکان لەرێگای وێناکردنێکی تایبەتی جەستەی ئافرەتەوە بەشێکی گرنگی شوناسی خۆیان داڕشتوەو دادەڕێژن.

ئیسلامیەکانیش، بەتوندڕەوو نیمچە میانڕەوو میانڕەویانەوە، لە تاڵیبانەوە بۆ کۆمەڵی ئیسلامیو لەوانیشەوە بۆ یەکگرتوو، هەمان پرۆسە ئەنجام ئەدەنو جەستەی ئافرەت دەکەن بە یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی شوناسی سیاسی خۆیان. ئەگەر شوناسی مۆدێرنی هێزە عەلمانییەکان لەسەر فڕێدانی پەچەو لابردنی عەباو هاتنە دەرەوەو تێکەڵبوونی ئافرەت بەپیاوان دروست بووبێت، ئەوا شوناسی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی لەسەر پۆشینی حیجابو جیاکردنەوەی نێر لە مێو داپۆشینو بەر تەسککردنەوەی جوڵەو هەڵسوکەوتی ئافرەتان بەندە. بێگومان بە بڕو رادەی جیاواز لای هەر هێزێك لەو هێزانە. لە سنووربەندکردنی تاڵیبانانەی ئافرەتەوە لەماڵدا تا رادەی نەبوونی مافی خوێندنو نەبوونی مافی چوون بۆ نەخۆشخانە لەکاتی نەخۆشکەوتندا، تا ئەو دۆخە نیمچە کراوەیەی ئەمڕۆ یەکگرتوو لە کوردستاندا باسی دەکات. ئەگەر عەلمانییەکان فڕێدانی حیجابیان بەستبێتەوە بە بیرۆکەی ئازادیی ئافرەتو بیرۆکەی تازەبوونەوەی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوا ئیسلامییەکان فڕێدانی حیجابیان بە لادان لەدینو بە لێکترازانی کۆمەڵایەتیو لەدایکبوونی جاهیلیەتێکی نوێوە گرێداوە.

ئەگەر عەلمانییەکان تێکەڵبوونی پیاوو ئافرەتیان وەك رێگای بیناکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروستو بەهێز وێناکردبێت، دیسانەوە بەرادەو بڕی جیاواز، ئەوا دابڕینی فەزای مێینە لە فەزای نێرینە بڕبڕەپشتی پرۆژەی کۆمەڵایەتیو کولتووریی هێزەکانی ئیسلامی سیاسییە. هەر بۆیە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم "لادانە لەدین" رێگای جۆربەجۆریان گرتۆتە بەر. لە کوشتنو هەڕەشەو تێزابڕێژیو تەقاندنەوەی سالۆنی ئافرەتانەوە بیگرە، تا بە بەندکردنو کەم کردنەوەی سنووری جوڵەو گەڕانو سەپاندنی حیجاب دەگات. ترساندنیش یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی سەپاندنی وێنە دینییەکانی جەستە بەسەر ئافرەتاندا، لە ترساندن بە عەزابی قەبرو ئاگری هەمیشە داخراوی جەهەنەمەوە بۆ هەڕەشەو بێزارکردنو فشار بۆهێنانی سایکۆلۆژیی. پرۆسەی داپۆشینی جەستەی ئافرەت بەشێکی گەورەی چالاکی هێزە ئیسلامییەکانو کاری دەزگاکانی راگەیاندنیانە، لەبردنی منالانی حیجاب بەسەرەوە بۆ سەر تەلەفزیۆن، تا نووسینی دەیانو سەدان کتێبۆچکەی سادەو بێقولایی لەسەر گرنگی حیجابو گرنگی خۆداپۆشینو گرنگی دابڕانی نێرو مێ لەیەکدی. ئەمە سەرە رأی نووسینی پاتریارکیانەی دەیان ئامۆژگاریو نەسیحەتی نێرانە سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی "خوشکانی موسڵمان" کە لەڕووی واقیعییەوە دەیانکات بە کۆیلەیەکی هاوچەرخ.

هەندێك نووسەرو لێکۆڵەرەوە باس لەوە دەکەن کە یەکێك لە هۆکارەکانی دروست بوونی ئیسلامی سیاسی بەندە بەگۆڕانی ئەو رۆڵە سوننەتیو تەقلیدییەوە کە ئافرەت لە سەدەکانی بەر لەسەدەی بیستەمدا بینیویەتی. هیچ سەدەیەك ئەوەندەی سەدەی بیستەم ئافرەتی بۆ کار، بۆ خوێندن، بۆ سەفەر، بۆ شەڕ، بۆ سیاسەتکردن، بۆ کەیفو سەفا لەماڵ نەهێناوەتە دەرەوە. بەجۆرێك ناکرێت وێنەی شەقامو جادەو کۆڵانو شوێنی گشتی شارەکانی ئەم سەدەیە لەئامادەگی هەمە لایەنی ئافرەتان جیاکەینەوە. ئەم هاتنە دەرەوەیە بووە هۆی ئەوەی ئەو سنوورە تەقلیدیانەی خەیاڵو عەقڵیەتی دینی بۆ جیاکردنەوەی ئافرەت لە پیاو هەڵگریبوون لەناوبچن. لە هەندێك ساتدا زەحمەتیش بێت تەنانەت جلی پیاو لە جلی ئافرەتو وێنەی پیاو لە وێنەی ئافرەت جیابکرێتەوە. جگە لەمانەش کارێك کەجاران بەکاری ئافرەت دادەنرا پیاو بیکاتو کارێك کە سوونەتیانە هی پیاوە ئافرەت ئەنجامی بدات. ئەم گۆڕانانە لە رۆڵو وێنەو دەرکەوتی ئافرەت لە فەزای گشتیدا بوونە هۆی دروستبوونی کاردانەوەیەکی گەورە لای هێزە دینییەکانو بووە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی هاتنە کایەی ئوسولیەتیش. بڕێك لە رەگوڕیشە سەرەکییەکانی ئەو گوتارەش کە بەردەوام باس لە رەسەنایەتی دەکات هەر لێرەدا جێگیرە. ئیسلامی سیاسی دەخوازێت بە هۆی ئەم گوتارەوە سەر لەنوێ شوناسی ئافرەت لە شوناسی پیاو جیابکاتەوە.

ئەم جیاکردنەوەیە لەو شوێنانەدا کە سەریگرتووە بەناو دەریایەك چەپاندنو فشاری رۆحیو دەروونیو ترساندنو کوشتندا تێپەڕیوە. هەر بە مەبەستی ئەم جیاکردنەوەیە ئیسلامییەکان بەردەوام باس لە لاوازی خێزانو مەترسی هەڵوەشاندنەوەی خێزانو زیادبوونی فەسادو نەمانی ئەخلاقو لەدەستدانی شەرەفو ناموس دەکەن. لە پشتی ئەم حیکایەتە ئەخلاقییانەوە سیاسەتی داڕشتنەوەی کۆمەڵگا لەسەر جیاکردنەوەی نێر لە مێو لە سەر پەکخستنی ئازادی ئینسان، بەتایبەتی ئازادی ئافرەت، لە هەڵبژاردنی شێوازی ژیانو شێوازی دەرکەوتنی لە فەزای کۆمەڵایەتیدا ئامادەیە. لەیادمان نەچێت کۆنترۆڵو دیسپلینکردنی کۆمەڵگا بە کۆنترۆڵو دیسپلینکردنی لەش دەست پێدەکات بەتایبەتی لەشی ئافرەت. شەڕی یەکەمی ئیسلامییەکان لە ئێرانو لە زۆر شوێنی دیکەشدا شەڕی حیجابو داپۆشینی لەشی ئافرەت بوو. ئەمڕۆکە جەستەی ئافرەت جەستەیەکی تەواو سیاسییەو ئافرەتان دەبێت هۆشیاربن لەو گەمە سیاسییانەی بە جەستەیان دەکرێت.




## کوردەکانی کەمپی ئەڵتاش هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە

**پ. هاوڵاتی:** کۆمیتەی پشتیوانی لە کوردەکانی ئەڵتاشی سەر سنوری ئەردەن لە راگەیاندنێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بارودۆخی ئەمنی کوردەکانی ئەم ناوچە سنورییە خراپەو پێویستی بە کۆمەکی هەموو خەڵکێکی مرۆڤ دۆستی ناوخۆو دەرەوە هەیە.

ئەم بەیاننامەیە کە رۆژی 2/19 بڵاوبۆتەوەو دانەیەکی دەست **هاوڵاتی** کەوتووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پاشماوەی کوردەکانی ئەم ئۆردوگایە کە تائێستا ماونەتەوە لە کۆی 30 هەزار کەس هیچیان بۆ نەکراوە. هاوکات لەلایەن گروپە توندڕەو عەرەبەکانی ناوچەکەوە رووبەڕووی هەڕەشە بوونەتەوەو شەوانە چەکداری نەناسراو دەچنە سەریانو بەتۆمەتی ئەوەی کە ئەوان داکۆکی لە تاڵەبانیو بەرزانی دەکەن دەست درێژی دەکەن سەر ماڵو موڵکییان.

## بەجلو بەرگی پاسەوانانی نیشتمانییەوە هاوڵاتییەك دەڕفێنرێت

**کەرکوك، پ. هاوڵاتی:** چەند کەسێك بەجلو بەرگی پاسەوانانی نیشتمانییەوە گەنجێکی تەمەن ٢٨ ساڵە، دەڕفێنن.

لەمبارەیەوە سەرچاوەکانی پۆلیس بە **هاوڵاتی** راگەیاند کە کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆی رۆژی ٢/٢١ چەند کەسێکی نەناسراو بەجلو بەرگی پاسەوانانی نیشتمانییەوە لەنزیك فلکەی تکریت ئیدریس خەلیل ئیسماعیلی تەمەن ٢٨ ساڵیان رفاندووە.

بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس، رووداوەکە بەئۆتۆمبێلی جۆری B.M و ئۆمیگا ئەنجام دراوە. ئیدریس خەلیل پیشەکەی کاسبەو تاوەکو ئێستا نەزانراوە بەرەو کوێ رفێنراوە.

## ل ئاکرێ زێدەتر ژ ٢٠ خانیان دهێنە هەرفاندن

**ئاکرێ.پ.هاولاتی:** بەری هەلبژارتنان تا نها خەلکەکێ زور دەست ب ئاڤاکرنا خانیان کرینە ب رێین (تجاوز) ل ئاکرێو تا نها زێدەتر ژ ٥٠ خانیان هاتینە ئاڤاکرن.

ژێدەرەکێ ل باژێرڤانیا ئاکرێ ژ هاولاتیرا راگەهاند: "ل تاخێن (مەهەدو،کان مامیکورك) ئەڤ خانیە هاتینە دروست کرنوئەڤ کەسە نە ژ خەلکێ هەژارن، لێ ب مەبەستا کرینو فروشتنێ ب کار دئینن. لەوران حکومەت نەچار بویە زێدەتر ژ ٢٠ خانیان ژ ناڤ ببەت.."

باژێرڤنیا ئاکرێ راگەهاند "بەدەل ئەوان خانیە وا هاتنە روخاندن ئەوێن زێدەگافی کرێن یەكو پارچە عەردێ دانە وان".

## لەسلێمانی ژنێك دەڕفێنرێت

**سلێمانی، پ. هاوڵاتی:** ژنێکی فەرمانبەر لە کۆمپانیای کورتێل رۆژی (٢/٢٠) لەکاتی چوونیدا بۆ سەر کارەکەی دیار نەماوەو دواتر بەمۆبایلەکەی ماڵەوەیان ئاگادار کراوەتەوە کە رفێنراوەو بەرامبەر بە ٣٠ گەڵا ئازادی دەکەن. ئەم ژنە مێردی نییەو خێزانەکەی گومانیان لە ٤ برا هەیە کە ئەم کارەیان ئەنجام دابێتو ئێستا بەفەرمانی دادوەر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت.

## خێزانی ئەفسەرێکی کورد دەکوژرێت

**کەرکوك، پ.هاوڵاتی:** بەهۆی تەقەکردنی چەند کەسێکی نەناسراوەوە لە ئۆتۆمبێلی ئەفسەرێکی سوپای تازەی عێراق، خێزانەکەی بەردەکەوێتو گیان لەدەست دەدات.

شەوی ٢/١٩ کاتژمێر هەشتی شەو، لەکاتێکدا نەجات عەزیز خورشید ئەفسەری تازەی سوپای عێراق لەگەڵ خێزانەکەیدا لە ئۆتۆمبێلێکدا دەبن، چەند کەسێکی نەناسراو لەپردی چواری کەرکوك تەقەیان لێدەکەنو خێزانەکەی بەخەستی دەپێکردێتو پاشان گیان لەدەست دەدات.

سەرچاوەیەك لە پۆلیس لەمبارەیەوە رایگەیاند، جگە لە خێزانەکەی کوڕی مامێکی ئەفسەرەکەش لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا بووەو ئەویش بریندار بووە. هەروەها روونیکردەوە کە ئەمە دووهەم جارە هەوڵی کوشتنی ئەو ئەفسەرە دەدرێت.

## نارنجۆك فڕێ دەدرێتە ماڵی بەرپرسێك

**سلێمانی، پ. هاوڵاتی:** سەرلەبەیانی رۆژی (٢/١٧) لەگەڕەکی (ئەندازیاران)ی شاری سلێمانی نارنجۆکێك فڕێ دراوەتە ماڵی (ئەرسەلان حەمەی فەرەج)و زیانی ماددی بەماڵەکەیان گەیاندووە. ناوبراو بەڕێوەبەری گشتییە لە پرۆژە تایبەتەکانو کوڕی یاریدەدەری کۆمەڵایەتی تاڵەبانییە. لەپەیوەندییەکی (**هاوڵاتی**)دا رایگەیاند "گومانم لەو پیاو خراپانە هەیە کە لەکارەکەمدا دژیان وەستاوم، ئەمەیان کردبێت".

## سەرۆکی شارەوانی چۆمان لەسەر کار لادەبرێت

**سۆران، پ. هاوڵاتی:** بەتۆمەتی گەندەڵی ئیداری لیژنەیەکی تایبەت لێکۆڵینەوە لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی چۆمانو جێگرەکەی دەکات، قائیمقامیش لەسەر کار لابردنیان بەدوور نازانێت.

هەریەك لە (عەبدولقادر مستەفا)ی سەرۆکی شارەوانی سۆرانو (شوکریە حەمەئەمین)ی جێگری، بەوە تۆمەتبار کراون کە دوکانەکانی شارەوانییان بەکرێی کەم دابێت بەخزمو نزیکەکانی خۆیان. سەبارەت بە لەسەر کار لابردنیشیان قائیمقامی چۆمان عەبدولواحید گوانی بە (هاوڵاتی) راگەیاند "ئێستا لەژێر لێکۆڵینەوەدانو گۆڕینیان بەدوور نازانم".

## ٧ کەس بەتۆمەتی کوشتنی کەمال شاهین دەسگیر دەکرێن



شوێنی رووداوی کوشتنەکە ـ هاوڵاتی



کەمال شاهین

**سلێمانی.پ.هاولاتی:** ئاسایشی سلێمانی ٧کەس بەتۆمەتی کوشتنی سکرتێری گشتی حزبی ویفاقی دیموکراتی کوردی سوریا دەسگیر دەکات.

شەوی ٢/١٧ ژمارەیەك چەکدار لەکۆمەڵگای باینجانی خواروی رۆژئاوای سلێمانی هەڵیان کوتایە سەرماڵی کەمال شاهین سکرتێری حزبی ویفاقی دیموکراتی کوردی سوریاو لە ماڵەکەی خۆیدا بەخەستی بریندارییان کرد،ناوبراو پێشەوەی بگەیەنرێتە نەخۆشخانە گیانی لەدەست دا.

سەرکەوت حەسەن بەڕێوبەری ئاسایشی سلێمانی بۆ **هاوڵاتی** رایگەیاند کە دوای رووداوەکە ئاسایش توانیویەتی ئەو ٧ تۆمەتبارە دەسگیر بکات کە ئەم کارەیان ئەنجام داوە.

لە درێژەی لێدوانەکەیدا ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە تائێستا لێکۆڵینەوە بەردەوامە بەڵام ئەوە روونبۆتەوە کە ئەمانە بەبڕیاری کام لایەن ئەم کارەیان بەئەنجام گەیاندووە.

ئەم حزبە مانگی ٢٠٠٤/١١دا لە دامەزراوە پێشوو تر بەشێك بوون PKK ، نەشئەت محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی ویفاق بە **هاوڵاتی** رایگەیاند کە یەکێك لەبکوژانی کەمال شاهین پێنج ساڵ لە نێو PKK دا هاوڕێی بووەو چەند جارێکیش لەلایەن حزبی ناوبراوەوە هەڕەشەیان لێکراوە.

## برای سێ ئەنفالکراو بەئاڵای کوردستاوە بەپێ دێت بۆ سلێمانی

**هاولاتی، پ.کەرکوك:** ئەمڕۆ کاتژمێر ٥ی سەرلەبەیانی مستەفا محەمەد ساڵح کە برای سێ ئەنفال کراوە لە گەڕەکی ئازادی شاری کەرکوکەوە بە پێ بەرێدەکەوێت بۆ شاری سلێمانی.

پەیامی ئەم رێپێوانەی ناوبراو ئەوەیە کە خۆشحاڵی خۆی بگەیەنێتە تاڵەبانی بۆ سەرکەوتنەکانی کورد لە هەڵبژاردنەکاندا.

لەلێدوانێکیدا بۆ **هاوڵاتی** مستەفا محەمەد ساڵح گوتی "زۆر چاوەڕوانمان کرد ئەنفالەکان نەگەڕانەوە، با شاری کەرکوك بگەڕێتەوە بۆ باوەشی کوردستان". مستەفا تەمەنی ٥٢ ساڵەو چاوەڕوان دەکرێت کە رێپێوانەکەی تا قەڵاچوالان درێژە بکێشێ.